# من وەكوو كچەگەریلایەكی تورك لەبەرامبەر
# بێ هەڵوێستی كوردانی باشوور بەئێش و ئازارم



ئامادەكردنی / ئەكبەر جەهانگیری/ ئارام بۆكانی

لێگەرینی ئازادی بەهەزاران ساڵە بۆتە هۆكارێك بۆ هاندانی مرۆڤ بۆ شەڕ لە بەرامبەر دەسەڵاتداران و زۆر جاریش ئەم شەڕە بەسەركەوتن یان بەڕوخانی ئەو ئازادیخوازانە كۆتایی هاتووە، بەڵام هیچ كاتێك ئەو شەڕانە رانەوەستاون و هەر جاریش لەناوچەیەكی ئەم جیهانە دووبارە كەسانی ئازادی خواز دەستیان بەشەڕ و تێكۆشان كردۆتەوە، لەسەدەی بیستەمدا زۆربەی گەلانی ژێر دەست توانیان ئازادی وڵاتەكانیان بەدەست بهێنن، ئەو سەدەیە بۆ زۆر لەگەلانی ژێردەست، ئازادی و پیرۆزی لەگەڵ خۆی هێنا، توانی لەسەر لێوی زۆر لەشۆرشگێرانی جیهان پێكەنینی ئازادی بنەخشێنێت، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش زۆرلە تێكۆشەرانی ئازادی لەسەر شاخەكان ماون و بەدوای مافی رەوای ژیانی خۆیاندا دەگەڕێن و لەسەدەی بیست و یەكەمیشدا، بەهەزاران گەریلا بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە لەنێو شەڕێكی گەورەدا ژیان تێپەڕ دەكەن، ( pkk) یەكێكە لەگەورەترین بنكەی پەروەردەیی شۆرشگێرانی ئازادی خواز، كە سی ساڵە لەنێو تێكۆشانێكی گەورەدایە بۆ بەدەست هێنانی مافە ژیانیەكانی گەلی كورد، هەروەها لە زۆر لایەنەوە توانیویەتی خۆی لە تێكۆشانە كلاسیكەكانی سەدەی بیستەم رزگار بكات و بە ئایدیۆلۆژییەكی زۆرجیاواز نەتەنها لەسەر كۆمەڵگای كوردستان، بەڵكوو لەسەر كۆمەڵگاكانی دیكەی ئەم جیهانە بەكاریگەر بێت، جا ئەو بزوتنەوەیە نەك تەنها مرۆڤی كورد، بەڵكوو زۆرێك لەگەلانی دیكەشی تیادایە، كەبەدوای بەدەست هێنانی مافەكانی ژیان و ناسینی كەسایەتی خۆیاندا لەنێو لێگەریندان، هەرچەندە ئەم مرۆڤانە كورد نیین، بەڵام ساڵانێكی زۆرە لەچیاكانی كوردستان لەنێو ژیانێكی دژواردا تێكۆشان دەكەن، لێرەدا بۆ ئەوەی لەهەستی ئەم شۆرشگێرانە تێبگەین خۆمان گەیاندە چیا سەركەشەكانی قەندیل، تا لەنزیكەوە لەگەڵ یەكێك لە ئەو شۆرشگێرە ژنانە كەبەرەگەز توركە بدوێین.

لەنێو كۆمەڵێكی كچە گەریلادا پرسیاری ئەو هەڤاڵەمان كرد كەناوی چیدەم بوو لە ئەنجامدا كچێكی ئەسمەری كورتە باڵایان پێ نیشان داین، كەلەگەڵ هەڤاڵەكانیدا لەنێو هاتووچۆیەكی بەلەزدا بوو بۆ ئامادەكردنی خواردنی نیوەڕۆ، كاتێك لە نزیكەوە كەوتینە گفتووگۆ دیتمان كە بەكوردییەكی پەتی زۆر خۆش قسەدەكات! لە دەربڕینی هەستەكانیدا بەزمانی كوردی هیچ كێشەیەكی نەبوو، لەیەكەمین پرسیارماندا كەچۆن و لەكوێ بەشداری ( pkk)ی كردووە، گووتی:" لە ئەورپادا ئەم پارتەم ناسی، ئەو كاتەی كەمن لەئەوروپا بووم بەئاشكرا ناكۆكی و جیاوازی گەلانی بیانیم دەبینی، ئەمەش زۆر منی خستە نێو لێگەرین گومانەوە ئەو كێشانەی كە لە توركیا هەبوو بەهەمان شێوە لە ئەوروپاشدا هەبوون بۆ نموونە ناسیینی كەسایەتی خۆم وەكو ژنێك، كێشەی ناسنامە، كوردان كێن و دوڵەتی ترك چییە؟ هەمیشە ئەو پرسیارانە لەناخمدا دووبارە دەبوونەوە ؟ لەئاكامدا لەزانكۆی ئەڵمانیا لە رێگەی تێكەڵ بوون و ئاشنابوونم لەگەڵ كوردانداا، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی كەسیستەمی دەوڵەتی توركیا لەژی ژیانێكی ئازادە، ئەمەش نەك تەنها بۆ كوردان، بەڵكوو تركیش دەگرێتە بەر، من تەنها شوێنێك كە توانیم چارەسەری جددی بۆ كێشەی رەگەزی، ناسنامە و ناسینی كەسایەتی خۆم بدۆزمەوە، بزوتنەوەی ( pkk)م بینی، لەو باوەڕەشدام دام كە بە بەشداری كردنم لەم بزوتنەوەیەدا زۆرێك

له خاڵه ونبووەکانی کەسایەتی خۆم بدۆزمەوە "چیدەمی کچە گەریلا لەزانکۆی ئەڵمانیا لەبەشی دەرمانخانەدا خوێندویەتی، لەوێدا زۆر شتی ئەوروپا نەیتوانیوە ببێتە وەڵامی کێشەکانی و رێگری لێبکات و لێگەرینی بەدوای ئازادیدا پاشدا بدات، هەروەها ئەو دەڵێت: " ئەز لە کوردستانەیش ژیاوم و کوردستانیش وڵاتی منە هەروەها تورکیاش وڵاتی منە، من لێرەدا هیچ جیاوازییەك نابینم؛ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانم جوانترین جێگەی تێکۆشان شاخەکانی کوردستانە، هەربەو ئامانجەشەوە لەساڵی 1996 بەشداری شۆڕشم کرد و هاتمە شاخەکانی کوردستان ".

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کەتۆ چۆن فێری زمانی کوردی بوویت گووتی؛" بە منداڵی لەمەکتەبدا هەڤاڵی کوردم هەبوو لەوێدا جیاوازییەکی زمانم بینی، زۆر لام سەیر نەبوو، هەروەها لەکاتی بەشداربوونیشم لە نێو گەریلادا حەزێکی زۆرم بۆ فێربوونی ئەو زمانە هەبووە، جارێکیش بەشداری ئەکادیمیای فێربوونی زمانی کوردیم کردووە و لە خوولەکەدا بەیەکەم دەرچووم، بەباوەری من زمان شتێکی وانییە کە مرۆڤ لەیەکتری دووربخاتەوە، بەڵکوو هەستەکانە مرڤ پێکەوە گرێدەدات و ژیانی هاوبەش دەئافرێنێت"هەروەها هەڤالا چیدەم لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا لە نێو شۆڕشدا هیچ زۆری و زەحمەتی بینیوە سەرێکی تەکاند و گوتی "نا" ئەو زیاتر ئاماژە بەوە دەکات" من بەخەیاڵێکەوە بەشداری ئەم شۆڕشە بووم پێشبینی ژیانێکی دژوارترم دەکرد، من باوەرم نەدەکرد کە لەو چیایانە شێوازێکی دیکەی کەسایەتی مرۆڤ درست ببێت کە لەمرۆڤی نێو کۆمەڵگا زۆر جیاواز تر و بەهێز تر بێت، بەتایبەتیش لەلایەنی رەگەزی ژنەوە ئەوەندە گۆرانکاری دروست ببێت، من بۆ خۆم زیاتر باوەڕم بە گۆرانی خود هەبووە، لێرەشدا دەتوانم بڵێم لە زۆر لایەنی کەسایەتی خۆمدا گۆرانکاریم دروست کردووە، بەبەشداربوونم لە نێو ئەم بزووتنەوەیەدا بینیم کە بەهەزاران گەریلا هەیە، لەبری ئەوەی لەژیانی تایبەتی خۆیان بیربکەنەوە، دەبینین کە لە زۆر شتی خۆیان وازیان هێناوە و هەمووشتێکی خۆیان لەپێناوی کۆمەڵگادا فیدا دەکەن، من بەهەزاران مرۆڤی سادە و دلسۆزم بینی کەپێکەوە ژیانیان بەسەر دەبەن و پارە ومولکییەتی تایبەت و زۆر شتی دیکەی کۆمەڵگا بۆ ئەوان هیچ گرنگییەکی نییە، بەتایبەت لەپیوەنیدی نیوان ژن و پیاودا و تێپەراندنی ئەو پەیوەندییە کلاسیکیانەی نێو کۆمەڵگادا کەپڕە لە هەڵخەڵەتاندنی یەکتری و زۆربەی ئەو پە پەیوەندیانە خۆشەویستیەکی تەسکی جنسی زیاتر تێپەر ناکات لەلای من زۆر گرنگ بوو، بەراستی فەلسەفەی خۆشەویستی لەنێو گەیلادا زۆر جیاوەزە و پیکهاتووە لە خۆشەویستییەکی مروڤدۆستانە، هیچ لایەك ناکەوێتە نێو پەیوەندییەکی کۆیلایەتییەوە "ئێمە دوای ئەو گووتانەی هەڤاڵ چیدەم ئەوپرسیارەمان لێکرد کە ئێوە چ رێبازێکتان هەیە بۆ شەرکردن لەبەرامبەر ئەو چەمکانەی کە ئێوە باوەڕتان پێ نییە؟ ئەویش لە وەڵامدا گووتی: " ئێمە زیاتر پەروەردە بەبنەما دەگرین بۆخۆشم سوودم لە پرۆژەکانی رێبەر ئاپۆ وەرگرتووە، لەنێو ئەوانەشدا (تیۆری دابڕان) ئەم پرۆژەیە زیاترجەخت لەسەر هێزی خودی ژن دەکات، کەژن چۆن دەتوانێت بەبێ هاوکاری پیاو و بەئیرادەی خۆی لەسەر پێی خۆی راوەستێت، من هەموو کاتێك باوەریم بە ئەو وتەیە هەیە کە دەڵێت ئەو کەسەی کەنەتوانێت بەتەنها بژی ناتوانێت هارێیەتییەکی باش نە بۆ پیاو نەبۆ ژن بخولقێنێت، ژن زیاتر لە ئاکامی بێ هێزی خۆیەتی کەئەوەندە پشت بە پیاو دەبەستێت، لەنێو ئەو رەشەی ئێستای ژناندا، ژن کەمتر دەبێتە خاوەنی بەرێوەبەری و لەزۆر لایەنی ژیاندا ژێردەست و بێ ئیرادەیە مافێکی ئوە تۆی نییە، ئەمە نەك تەنها لەسیاسەتدا بەڵکوو لەژیانی کۆمەڵایەتیشدا هەروایە، سیاسەت زیاتر سیاسەتێکی پیاوەنەیە، بەگوێرەی هەست و کەسایەتی پیاوە سیاسەت بەرێوە دەچێت، من هیچ باوەریم بە ئەم جۆرە سیاسەتانە نییە، ئێمە وەکوو ژنان نابێت ئەو شێوەیەی سیاسەت قەبووڵ بکەین و بەشێوەیەش سیاسەت بکەین، ئەگەر سیاسەتمەدارێك لەزمانی منداڵان تێنەگات، ئەوا زۆر دوورە لە سیاسەت کردن، خەیاڵی منداڵان جوانترین خەیاڵن کە زۆر سادەن و پڕە لەخۆشەویستی، بەڵام سیاسەتی ئێستا پڕ لە چەواشەکاری و درۆ، پێویستە ژنان ببنە تێکدەری ئەم جۆرە سیاسەتە، ببنە هەڵگری ئاڵای ئاشتی و یەکسانی. ئێمە بۆچی زۆر جەخت لەسەر سیستەمی کۆنفیدرالیزم دەکەینەوە، چونکە ئەو سیستەمە بریتییە لە خۆبەرێوەبردن و بەرِوەبردنی کارەکان، نەك بەرێوەبردنی مرۆڤ. "

ئەم وتانە بەراستی بۆ ئێمەی رۆژنامەوانیش زۆر شتی تازەی تێدا بوو، هەروەکو ئەوەی ئەوان نایان هەوێ وەکو پیاو کە هێمای سەردەستیین سیاسەت بکەن، بەڵکوو ئەوان بەدوای ژیانێکی زۆر جیاوازتر لە کۆمەڵگای ئێستا دەگەڕێن، کە لەناو ئەو ژیانەدا هەستەکان نامرن و هەرکەس بە رەنگێك بەشداری جوانکردنی ژیان دەبێت، ئێمە دوای ئەوە ویستمان هەستی ئەو وەکو ژنێکی تورك لەنێو شۆڕشی کوردیدا بزانین و تێبگەین کە ئەو چۆن بیر دەکاتەوە و چۆن هەڵی دەسەنگێنێت. دەڵێت: " کێشەی کورد تەنها کێشەیەکی نەتەوەی کورد نییە بەڵکوو کێشەیەکی مرۆڤایەتییە، لەجیهاندا ئەگەر هەرکەسێك کێشەی کورد بەکێشەی خۆی نەزانێت و هەستی پێ نەکات ئەوا هەرلە پەنجەی پێیەوە تا مووی سەری لەنێو کۆیلایەتیدا دەژیت و بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی

بێت، لەبەرئەوەشە هەتا کێشەی کورد وەکو کێشە مابێت، ئەوا مرۆڤایەتی هەموو لەبەردا بەرپرسیارە، دوای چوونم بۆ ئەوروپا بۆم دەرکەوت لە ئەورپا گەلی تورك و کورد زۆر گەلانی دیکەش بچوك دەبینرێن، لەمەو قەناعەتم کرد کەسیستەمێکی دەسەڵاتداری وەکوو کاپیتالیزم کە زۆربەی گەلانی جیهان بچووك دەبینێت ئەم کارانە بەرێوە دەبات، کێشە تەنها نەتەوی کورد نییە، من لەو باوەڕەدام کە لەنێو گەلی کورد، تورك، فارس و عەرەبدا زۆر کێشە نیین، لە ئەنجامی تێکۆشانێکی زۆری ئەو دەوڵەتانەدایە کەهەستی شۆڤێنی پێشدەخەن، هەرچەندە  وەکو ناکۆکی نێوان گەلان دیارە، بەڵام لە راستیدا ئەو  هەستەش دۆزراوەی دەوڵەتە، بۆچی لە ئەورپا من زمانی هاورێ ئەوروپییەکانم نەدەزانی زۆر باش لە یەکدی تێدەگەیشتین و هەستەمان وەکو یەك بوو، گەلانی ناوچەکە ئەگەر پارتەسیاسییەکان و دەوڵەتان سیاسەتیان لەسەر نەکەن هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ لە نێو ژیانیاندا نامێنێت و ئەوان دەتوانن پێکەو بەئاشتی و ئازادی و ئارامی ژیان بکەن، نەك وەکوو ئێستا لە باکووری کوردستان منداڵان دەکوژرێن و زوڵم لەسەر گەل دەکرێت،رێکخراوەکانی ماڤی مرۆڤ دەوڵەتانی دراوسێ بێدەنگن. هیچ گەلێك لە نێو خۆیدا ناتوانێت زوڵم قەبوول بکات، هەرچەندە لە باشووری کوردستان فیراسیۆنێکی کوردی هەیە و خۆشیان بە کورد دەزانن بەڵام لەبەرامبەر کوشتنی منداڵانی کورد لە باکوور هیچ دەنگێکیان لێدەرناچێت، لەراستیدا ئەوە ئەرکێکی ئەوانە کەببنە پارێزەری خوێنی ئەو منداڵانە، بەڵام من لە ئەنجامی بێدەنگی ئەوانەوە هەست بەئێش و ئازارێکی گەورە دەکەم ئەوان نابێت بەوشێوەیە بێدەنگ بن".

لە کۆتاییدا دەڵێت: " پێویستە ئێمە هەمیشە خۆ بەهێز بکەین و لەسەر خۆ بفکرین تا بتوانین ببینە پارێزوانی مروڤایەتی و لەبەرامبە ئەوهێرشانەی دەڵەتی تورك ببینە وەڵام، چیتر نەهێڵین منداالانی کورد بکوژرێن، بەڵکوو پێویستە بژین کار بۆ ئەو بکەین، هەروەها ببینە بەربەستێکی پۆڵایین لەبەرامبەر شۆڤێنیزمی تێکدەری ئاشتی و ئازادی گەلان و زۆر سوپاسی ئێوەش دەکەم کە ئەرکتان کێشا و هەتا ئێرە هاتن، سەرکەوتووبن."